کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 13:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاژاوە گیریەکانی بەرەی تورکمانی دەبیت بەری پی بگیریت ... هاوکار عمر

hawkamar@yahoo. com

دەمیکە گۆرەپانی کوردستان پریەتی لە سیخور و نۆکەرانی ولاتانی ناوچەکە و ئەوە ئازادییەی ئەمرۆی کوردستانیان بۆ خۆیان قۆستۆتە و لەسەر سامانی خەلك دەژین و دژایەتی رەمز و سەرکردەکانیشی دەکەن و دەیانەویت قوربانیدانی یەك سەدەی میلەتی کورد بخەنە لاوە.

وا ئەم جارەشیان جاریکی تر سوکایەتی دەکەن بە سەرۆکی کوردستان لە رۆژی 2007/4/28 لە ئاهەنگیکدا کە بەرەی تورکمانی لە تورکیا سازی دابوو وینەی سەرۆکی کوردستان دەسوتیندریت و هۆتاف و جنیویش بە پیشمەرگە دەدریت. بۆ زانیاری زیاترتان هەر ئیستا بەرەی تورکمانی بارەگای لە هەولیر هەیە و خەریکی (سیاسەت کردنن) و لەلایەن هیزەکانی سەرۆکی کوردستانیشەوە دەپاریزرین!!

بە کاروو کردەوەی چەندین سالەیان لەکوردستان بەرەی تورکمانی سەلماندوویانە کە ئەمانە نان بەنرخی رۆژ دەخۆن و هەر رۆژیك لەسەر پەتیك یاری دەکەن و بە گویرەی بەرژەوەندیەکانی دەولەتی شۆڤینی تورکیا کارەکانیان دەبەنە پیشەوە. کاتیك بەرژەوەندی دەولەتی تورکیا لەگەل سونەکان بوو، بەرەی تورکمانی فەرشی سوری بۆ ئاخا و کویخاکانیان رادەخست، کاتیکیش کە تورکیا لەسەر مەسەلەی کرکوك و مادەی 140 بە کردە و سات و سەودایی نا سیاسی لەگەل شیعەکان ئاویزان بوون ئیتر کرنۆشیان بۆ دەبردن!ئیستاش کە سەرۆکی کوردستان باس لە خەونی سەدان سالی خەلکی کوردستان دەکات و قسەی سەر زوبانی منال و پیرو پەکەوتەکان و گەنجانی کوردستان دەلیتەوە و خولکی لەگەلە و ئەتا تورکەکان ئەمە بە هەرەشە دەزانن و ئەم ئەرکەش بە بەرەی تورکمانی دەسپیرن و دوور لە هەموو عورف و عاداتیکی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەلایەتی وینەی سەرکدەکانی کورد یدەسوتینن.

ئاخر و ەگەر ئەم زاتە و حیزبەکەی نەبوایە دەمیك بوو خەلکی کوردستان بنکە و بارەگاکانیان پیچابوونەوە وگۆریان گوم بوو لەکوردستان.

نابیت ئەم هەلویستەی بەرەی تورکمانی ئاوا تیپەریت و دەبیت بەزووترن کات سەرکرایەتی سیایی کوردستان هەلویستیان هەبیت ریگە نەدەن بەم جۆرە ئاژاوانە سەرکردەکانی کورد بیریزو بیئیعتبار بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.